# سەرچۆپی و سەرچۆپیکێش

كارۆخ فەهمی

سەرچۆپیکێش لەهەڵپەرکێی کوردیدا ناوبانگی هەیەو رەگێکی مێژوویی درێژی هەیە، لەهەموو ئەو کەسانەی هەڵدەپەرن، سەرچۆپیکێش چاوی زیاتری لەسەرە، هەر لەبەرئەوەشە دەبێ لەهەمووشیان شارەزایانەتر شایی بکاتو لێوەشاوە بێ، ئەمە جگە لەوەی کەدەبێ هاوسەنگی ئەو کەرەستەیەی دەستی هەرچیەك بێت (پەرۆیەکی رەنگاورەنگ، تەسبیح، دەسماڵ..) لەگەڵ هەڵپەرینەکەدا رێکبخات. ئەوە سەرچۆپیکێشە ئاراستەی شاییەکە دیاری ئەکات، سەرچۆپیکێش لە شایی کوردیدا لە هەموویان زیاتر دەر ئەکەوێت، رەنگە ئەم خەسڵەتە تایبەت بێت بە هەندێ وڵاتانی رۆژهەڵاتی کە لە سەماکانیاندا کەسێك یان دووان زیاتر لەوانیتر دەرئەکەون.

لە شایی کوردیدا ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێ سەرچۆپیکێش هەیبێت، جیاوازە لەوانەی کە لەهەمان شاییدا هەڵدەپەرن. بۆنموونە دەبێ سەرچۆپیکێش لە زۆرێکیان بالآبەرزتر بێت، لەشێکی سوكو باریکی هەبێ کە بتوانێ بەئاسانی بجوڵێتەوە. ئەوکەسەی کە سەرچۆپی وەردەگرێ دەبێ کەسێکی شەرمن نەبێو سڵ لە چاوی ئەوانە نەکاتەوە کە هەڵناپەرنو لەریزی ئەوانەن کە لە چواردەوەی شاییەکە وەستاون. جوانی رەگەزێکی دیکەیە کە دەبێ لەو کەسەدا هەبێ، رێك پۆشی، زانینی شاییو سەما لەدەرەوەی ریزی هەڵپەرکێ. ئەو رەوشتانە وادەکەن ببێتە جێ سەرنجی گۆرانیبێژو پیاهەڵدانی گۆرانیبێژ بۆخۆی دەباتەوە، کەتاوناتاوێ هاواردەکا ( یالآ سەرچۆپی).

زۆرجار کەسێکی شارەزا دەتوانێ شاییەکە وا گەرم بکات، کە وابکا ئەوانەش حەز بە هەڵەپەرین بکەن، کە لە ژیاندا تەنها جارێکیش شاییان نەکردووە. هەندێ کەس تەنها بۆئەوەی بکەوێتە بەرنیگای خەڵکی یان گۆرانیبێژەکە دەچێتە سەرچۆپی و ئەگەر بەناخۆشیش بووە دەسماڵەکەی لێوەردەگرێ. سەرچۆپی شوێنێکی باشە بۆ ئەو ئەویندارانەی کە نیازی خۆنواندیان هەیە، لەبەر چاوی مەعشوقەکانیان، لەچەند دەیەیی رابردوودا هەڵپەرینی ئێوارانو ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوەدا کورێك یا کچێکی ئەویندار دەچووە سەرچۆپی لەبەرامبەر دڵخوازەکەی وا خۆی دەلەراندەوە ئاگای لە شاییەکەی نەدەما، ئەمە بە بەراورد بەم ئەوینەی کە ئەمرۆ دەکرێ. مێژوویەك بەر لەئیستا، دەتوانین بڵێین ئەوین تارادەیەك سادەتر بوو، تەنها لەبەر یەکتری ئەوینیان دەکرد، کەس چاوەرێی شتێکی لەبەرامبەرەکەی نەدەکرد، یا بەهۆیەکەوە ئەویتری خۆشنەدەویست، مرۆڤی ئەمرۆ بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنجاڵیەکانی ژیانو تێکەڵبوون لەگەڵ ئامێرە تەکنەلۆژیەکان، خەریکە بەناوی بێگەردی شتێکی تێدا نامێنێ، بەبێ ویستی خۆمان لەسادە دڵیو خۆشەویستی راستەقینە خاڵی دەبینەوە . گەنجی کورد لەو سەردەمانەدا کە هەڵدەپەری شەرمی لە کەس نەدەکردو هێندە بەتەنگ کەسایەتی خۆیەوە نەبوو، بەپێچەوانەی ئێستاوە ئەگەر لەتۆزو خۆڵی شاییەکەشەوە پیس ببوایە دڵتەنگ نەدەبوو. سەرچۆپیکێش کەسێکی لەخۆ بردوو و خاوەنی دڵێکی گەورەیە، ئەگەر کەسێکیش سەرچۆپیەکەی لێوەرگرت دڵتەنگ نابێ، بۆیە شاییکردنو بەتایبەتی سەرچۆپیکێش دەبێ بەعیشقەوە هەڵپەرێو هەمیشە





ئێستاوە ئەگەر لەتۆزو خۆڵی شاییەکەشەوە پیس ببوایە دڵتەنگ نەدەبوو. سەرچۆپیکێش کەسێکی لەخۆ بردوو و خاوەنی دڵێکی گەورەیە، ئەگەر کەسێکیش سەرچۆپیەکەی لێوەرگرت دڵتەنگ نابێ، بۆیە شاییکردنو بەتایبەتی سەرچۆپیکێش دەبێ بەعیشقەوە هەڵپەڕێو هەمیشە روویەکی خۆشو بزەیەکی دڵگیری لەسەر لێوان بێت.

ڕەوشتێکیتر کەدەبێ لەسەرچۆپیکێشدا هەبێ، توانای هەڵپەڕینو ئارەزووی لەبن نەهاتووی ئەوە، بەجۆرێك دەبێ سەرچۆپیکێش لەهەموو ئەوکەسانەیتر کە هەڵدەپەڕن زیاتر ئارەزووی شایی بێت.

زۆرجار کەسێك حەزی لەخۆدەرخستنە، یا حەزئەکا بکەوێتە بەر سەرنجی خەڵکیتر دەچێتە سەرچۆپی. دەتوانم بڵێم دەروونی سەرچۆپیکێش ئاڵۆزترینو نائارامترینە، بە بەراورد لەگەڵ سەماکەرانیتردا. سەرچۆپیکێش دەبێ پتر ئاگاداری خۆیو شاییەکە بێت. هەرجولەیەکی نەشیاوی هەر زیادەڕەویکردنێك لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی شاییەکە تێکبچێت.

هەمیشە لەئاهەنگی بووك گواستنەوەکاندا، ناسیاوە نزیکەکانی زاوا سەرچۆپی دەگرن، یا هەرکەسێکیتر کە لەو بنەماڵەیە نزیکە. وەك وەفایەك بۆ ئەو کورەی ئەمرۆ زاوایەو ژن دێنێ، دەبێ بەجوانترین شێوە هەڵپەڕێ. لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا جۆری شاییو کەشی شاییەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاهەنگە گشتییەکانیتردا، بۆ نموونە ئەو شاییەی لە گەشتو سەیرانی خوێندگاکاندا یان بنەماڵەیەکی دیاریکراودا دەکرێت. لەئاهەنگە گشتییەکانیتردا زۆرجار هەموو ئەوانەی شاییدەکەن وەکیەکنو جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە، گرینگ نیە کێ سەرچۆپی دەکێشێ، چونکە لەو ئاهەنگانەدا زیاد لەشاییەكو زیاد لەسەرچۆپیەك هەیە. ئەوەی ڕۆڵ دەبینێ پێداگری کەسەکە یان لێهاتووی ئەوبێت بۆ وەرگرتنی سەرچۆپیو دواجار خولاندنەوەی پەڕۆکەکەی دەستی.

خەسڵەتێکی دیاری شایی کوردیو بەتایبەتی ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە، ئەوەیە کە زۆرجار لەسەر وەرگرتنی سەرچۆپیو هەڵپەڕین لە سەر قافڵەدا دەبێتە شەرو شۆڕو دواجار تێکچوونی ئاهەنگەکەش. کەم نین ئەو ئاهەنگانەی کە لەگەرمەی هەڵپەڕیندا لەسەر جێنەهێشتنی سەرچۆپی کەسێك کوژراوە، یان چەندین خانەوادە لێکهەڵوەشاونەتەوەو بۆ هەمیشە تووشی دوژمنایەتییەکی سەخت بوون. لێرەدا دەشێ بپرسین دەبێ ئەفسوونو چێژی سەرچۆپی، یا ماناکانی ئەویدی( هەڵپەڕین لەسەرچۆپی)دا چی بێت، کە هێندە بێنێ مرۆڤێکی لەپێناودا بکوژرێت؟ دەبێ شەڕوشۆڕ لەسەر سەرچۆپی پەیوەندی بە دەمارگیری کەسەکانەوە هەبێت، یاخود سەرچۆپی خۆی شتێکی زۆرگرینکە؟ شتێکی شاراوەنیە کە زۆرێك لە ئاهەنگەکانی ئێمە دواجار بە جۆرێك لە توندو تیژیو نائومێدی کۆتاییان دێت. توندوتیژی سیمای دیاری زۆرێك لە شادیو خۆشییەکانی ئێمەیە، هەتا هەندێك کەس دڵی ئاو ناخواتەوە گەر بە شێوەیەکی توندوتیژ گوزارشت لە خۆشییەکانی خۆی نەکات، بۆنموونە ئەگەر پیاوێك لە شاییدا بێت یان بەتایبەت لەسەر چۆپیدا، خێرا دەست بۆ کەمەری دەباتو بەدەمانچەکەی چەند فیشەکێك بەئاسمانەوە دەنێت. ئێستاش زۆرێك لە باوکانی کوردی سڵ لەوە دەکەنەوە کە کچەکانیان ببەنە ئاهەنگێکەوە، چونگە هیچ گرانتییێك بۆ ئاسایشی ئەوان لەئارادا نیە. بۆ شیکردنەوەو دەرخستنی ڕەگە مێژووییەکانی ئەم دیادەیە پێویستیمان بەکاتێکی زۆر هەیەو ئێرەش جێگای ئەوەنیە پەنا بۆ ئەو مێژووە ببەین، تەنها دەتوانین بڵێین کێشمەکێشو فرکان فرکان لەشایی کوردیدا دەمێکە هەیەو پەیوەست نیە بە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کە وردە وردە مۆدێلی ئەم تووندوتیژیەو ئەم هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی سەرچۆپی، خەریکە لە شایی ئێمە کەم دەبێتەوە.